# بۆ ڕەخنە نەگرین ، لەکاتێکدا. ؟!

**بەختیار سەعید**

- **لە کاتێکدا ، وەزیرێك بە (98 ) ملیۆن دینـار نۆژەنکردنـەوەی ماڵەکـەی وکڕینـی مۆلیدەیـەك لـە ژێـر نـاوی پڕۆژەیەکدا جیَ بە جیَ دەکات؟!**
- **لەکاتێکدا، ڕۆژنامەنووسێك کوڕو وکچ وبوکەکەی بەپۆلیسی سـەر سـنوور دادەمـەزرێنێت تـەنها بـۆ موچـەکەی ولـە هەمانکاتیشدا موچەی ڕێزلێنانی بۆ خۆی وژنەکەی وکوڕەکەی وکچەکەی وبوکەکەشی بڕیوەتەوە ؟!**
- **لەکاتێکدا ، موچەی پەرلەمانتارێکی خانەنیشین ( 2500 ) دوو هەزارو پێنج سەد دۆلاری ئەمریکییە ؟!**
- **لە کاتێکدا ،زۆربەی فەرماندە سەربازیەکان کوڕەکانیان کە تەمەنیان ( 18-20 ) ساڵێکەو پلەی ( ڕائید و نەقیب )ان داونەتیَ و یەك ڕۆژ پێشمەرگایەتیان نەکردووەو تا نووسینی ئەم دێڕانەش قوتابین لەناوەندەکانی خوێندندا ؟!**
- **لەکاتێکدا، خانمە پیرەژنێك باوکی کراوەتە شەهیدی سـەنگەر کـە لەماڵـەوە وەفـاتی کـردووە وپێـشمەرگایەتی نەکردووە ؟!**
- **لەکاتێکدا ، وەزیرێك وبەڕیوەبەرێکی گشتی خانووەکانی خۆیان داوە بەکریَ بەحکوومەتی هەرێم ، هـەر یەکـە بـە یەك دەفتەر دۆلار؟!**
- **لەکاتێکدا ، بەرێوەبەرێکی گشتی وچەند مەسئولێك بە کۆمەلْ لەم هەولێرە چـەند جارێـك هـەولْیان داوە جـادەی کۆلاْنەکەیان لەسەر خۆیان تاپۆ بکەن ؟!**
- **لەکاتێکدا ، لە شەقلاوە یەك مەتر زەویت چنگ ناکـەوێت بیکەیتـە (ئاودەسـت ) لەبـەر ئـەوەی هـەمووی مـوڵکی مەسئولەکانە، گەشت وگوزاریش سفر یەك بەدەست ؟!**
- **لەکاتێکدا ، لەسەر گەندەڵی تەلەفیزۆنێك ، چەندین لێژنەیەك پێك دەهێنرێت وکەسـیش تاوانبـار نیـە ، مەبلـەغی مەلایینیش دیار نیە ؟!**
- **لەکاتێکدا ، تا هەنوکە تەماتە وموشتەقاتەکانی لە ئێران وسوریا دێت کەچی وەزارەتی کشتوکاڵیشمان هەیە ؟!**
- **لەکاتێکدا ، سەرۆکی کوردستان دەفەرموێت ،نا بێت بەرپرس بازرگانی بکات و ئەمانیش هەر تەقەی مامەڵـەیان دێت ؟!**
- **لەکاتێکدا ، بەرپرسێکی ڕێکخراوی قوتابیان و خوێنـدکاران لـەجیاتی هاوکـاری کردنـی چـینی خـۆی یارمـەتی گۆفارێکی وەزارەتی ڕۆشەنبیری دەدات وکۆمپیوتەری بارەگاکەی خۆی دەباتەوە ماڵەوە کەبەدیاری بۆیان هاتووە ؟!**
- **لەکاتێکدا ، لەکەناڵێکی ئاسمانی (4-5 )کارمەند دەردەکرێن تەنها لەبەر ئەوەی نابنە پیاو جەنابی بەڕێوەبەر ؟!**
- **لە کاتێکدا سوپایەك لە ڕاوێژکارو خەبیر لە ناو دەزگاکانی حکومەتی هەرێم دامـەزراون و وەك خۆیـان دەڵـێن نـە پرسمان پیَدەکرێت نە ڕامان وەردەگیرێت ؟!**

- لەکاتێکدا ، ئاوارەی متەفەریقە دوای شەش لیژنە بۆ قەرەبووکردنەوەیان کەزیاتر لە ساڵ ونیوێکە هەر چاوەڕوانن هەر چاوەروانیشن !!
- لەکاتێکدا ، کۆمپیوتەرەکەی شارەوانی لەیەك زەوی زیاتر ناخوێنێتەوە ئێستا بە دۆنم وهیکتارزەوی دابەش دەکرێت ؟!
- لەکاتێکدا ، دادوەرێك سەرپێچی یاسای هاتووچۆ دەکات ورۆژانەش دەیان هاوڵاتی هەژار دادگای دەکات ؟!
- لەکاتێکدا ، بەتەمەنی (15) ساڵ حکومدارێتی خۆماڵی گرتوخانەی محەتە بۆ ساتێکیش مەسئولێکی ئەم کوردستانەی بە خۆیەوە نەدیوە ؟!
- لە کاتێکدا ، پێشمەرگەیەکی خەباتگێر بەنەخۆشی لە ماڵەوە سەردەنێتەوە ،حاڵەتێکی زکماکی خانمە بێژەرێك پاش بەغداو تاران لە ئەوروپا خۆی دەبینێتەوە ؟!
- لە کاتێکدا بریار بوو هەموو شارەکان وەك سلێمانی لێ بکرێت ! کەچی ئێستا ناچارن سلێمانی وەك شارەکانی دی لێ بکەن ؟!
- لە کاتێکدا بریاربوو گۆرەپانە بەر فراوانەکەی بەردەم کۆلێژی اداب بکرێت نەخۆشخانەی فریاکەوتن دواتر بەردی بناغەی باخچەیەك لێ دراو بە قودرەتی قادر بووبە موڵکی کۆمپانیایەك ؟!